

# سلێمانی گەردەن بەرزە
# بۆ تێرۆریستان سەر دانانوێنێت

جارەکی تر دەستی چەپەڵ و مێشک ژەنگاوی و مرۆڤ کوژ جەرگی سلێمانی قارەمانی بریندار کرد .ئەو کردەوە نامرۆڤیە ، لەبەردەم میوانخانەی سلێمانی پالاس ، رۆژی 2008/3/10 لە لایەن کەسێکی خۆکوژەوە ئۆتومبیلێکی بومبرێژ کراو ئەنجامدرا . بەو کارەساتە ،




ترسیان بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی هێمنی شاری گۆران و قادردیلان شاری ژین و کاکەی فەلاح بشێوێنن . ڕۆڵەکانی سلێمانی بەهاوکاری دکتۆر و برینپێچەکان بە هانای ئەو بریندارانەوە بوون کە لەو کارەساتە بریندار کران . بەڵام هەزار مخابن کارەساتەکە دوو شەهیدی لێکەوتەوە . خەڵکی بە ئەمەکی سلێمانی بە تایبەتی و شارەکانی تری کوردستان بە گشتی دژی ئەو کردارە تێرۆریستە دەنگیان بەرز کردەوە و نارەزاییان دەربڕی . ئەو مێشک تەپیوانە هەرچی بکەن بۆیان ناکرێت دەنگی ئەو میللەتە قارەمانە بۆلای خۆیان رابکێشن و خەڵکی لە بیری نیشتمانپارێزی و کوردایەتی بشۆنەوە و بۆیان ناکرێت هەستونەستی خەڵکی بە کردەوەی ئاوا دڕەندە بۆلای خۆیان رابکێشن . ئەگەر ئەو دەستە چەپەڵەش بەناوی ئایین ئەو کردەوانە ئەنجام بدات ئەوا لە کوردستان زیان بەو ئایینە دەگەینیت کە بازرگانی پێوە دەکەن و لە جیهانیش زیاتر رووڕەش دەکرێن . لە کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی گەلێک مزگەوت و شوێنی پەرستنی خودا هەیە ئەوانەی لەو کارەساتەش شەهید و بریندار کران موسلمانن بۆیە ئەو دەستە هەر شەرمەزاری بۆ دەمینێتەوە ئەگەر بێت و بەناوی دیین کاری ئاوا ناشرین ئەنجام

بدات . دەستی تیرۆر هەرگیز ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە ببات . خەڵکی هیچکاتێک نابنە هاوکاری ئەو کارە نامرۆڤیانە . جەماوەری خۆراگری سلێمانی و شارەکانی تر پێویستە هەردەم بە چاو و دڵێکی فرەوان ئاگاداری کارە تێرۆرییەکان بن بۆ ئەوەی ئەو تێرۆریستانە نەتوانن بگەنە مەرامی خۆیان و هەردەم ئاسایشی شار و ناوچەکەیان بپارێزن . ئەو مرۆڤکوژانە دەروونیان نەخۆشە و ناتوانن بگەنەئامانجەکانیان.

ریسوایە ئەو دەستەی جەرگی سلێمانی بریندار کرد.

شەهیدەکان هەردەم سەربەرز و نەمرن .

**فەهد گردەوانی 2008/3/11ستۆکهۆڵم**